# بابا نۆئێلەکانی وڵاتی ئێمە...!

ن: ناسر حەقپەرەست

2005.12.30





من منداڵێکی عێراقیم لەوەتەی هەم و بیرم دێ شەڕ، کوشتار، ڕفاندن و دزی، تۆقاندن، گرمە وتەقە، هاڕەی هاوەن و زرمەی تۆپە. دایکم هەمیشە ڕەشپۆشە جارێك بۆ براکەی، جارێك بۆ خوشکی، جارێك بۆ باوکم، دوێنێ بۆ دادم، بەیانیش بۆ من، باوکم یا دەنا خۆی و ئەگەر هەر نەشبێ شریخەیەکی لە ناکاو و ماڵێکی کاول. لەوەتە لە دایك بووم و چاوم پشکووتوە تۆز، دوکەڵ، ئاگر، خوێن، مردوو، وێرانە، قاپۆڕ...وە توندوتیژی دەبینم. لەوەتەی هەم شیوەن، هاوارو زریکە، وشەکانی: زیندان، مەرگ، تەقینەوە، ڕووخان، سووتان، بۆمب، تفەنگ و فیشەك... وە ئاخ بۆ رزگاری لەم وەزعە، دەبیستم. من منداڵێکی عێراقیم سەری ساڵە دوو هەزار و هێندێك! ساڵی تازەیە لە شاشەی تەلەویزیۆنەکەمانەوە ئەم ڕۆژانە دونیایەکی تر دەبینم، لەوسەری دونیا لەو پەڕی ئاوەکان دارەکانی کریسمەس ڕازاونەتەوە، پڕن لە ئەستێرەو گڵۆپی هەمەرەنگ، گوڵ، دیاری و کارتی پیرۆزبایی. بازاڕێکی شلوغ وگەرم، ڕێگەو بان خۆش ، شاری یاری ڕەنگاوڕەنگ و ماڵەکان نەرم نەرم. دونیایەکی ترە...ئەوەی من لە بن لێفەشڕەکەماندا بە خەیاڵیەوە خەونوچکە دەمباتەوە. کەس کەس ناکوژێ، شەقامەکان بێ کەند و چاڵ و بۆمبن، لق و پۆپەی دارەکان نەشکاوە و نەسووتاوە، هیچ ماڵێك شوشەکەشی جرزی نەداوە. بەراستی گومانم لەو دیوی تووێی سەر شاشەکە هەیە. من لە شاشەی تەلەویزیۆنەکەماندا منداڵانێك دەبینم کە باوەشیان پڕە لە دیاری سەری ساڵ، سەرتاپایان جل و بەرگی تازە وپۆشتە، تێر و تەسەل، لێو بە بزە و سلامەت، ڕوو گەش و جوانن. منداڵانێك کە بابانۆئێلەکانیان لە باوەشیان دەگرن، سواری کالیسکەیان دەکەن، شتیان بۆ دەکڕن و لە گەڵ خۆیان دەیانگێڕن.

بەڵام بابانۆئێلی وڵاتی ئێمە دیاریەکەی هێندە قورسە کە لە دەستی داکەوێ لە ئەهایەکدا لایەکی شار نوقمی دووکەڵ دەبێ، دیارییەکی دە تۆنی! بابانۆئێلی وڵاتی ئێمە باڵدارێکی ڕەشی ئاسنینە(بێ

گەوەزن و کالیسکە) کە بێجگە لە ترساندن و تۆقاندنمان هیچی تر نازانیٚ.بەڵام هەمیشە ئێمەی لە یادە، سەری ساڵ و نیوەی ساڵ بە گەرما و سەرما بەیانی، ئێوارە و نیوەشەو، دیاریمان بۆ دێنیٚ.
لە بڵیندی دیارییەکانی زیاتر لە سەموون دەچن، بەڵام کە دادەکەون ئاسنێکی پڕ لە مەوادی تەقینەوەو شیمیایین، چی هەیە لە ناوی دەبەن. دیارییەکی وێرانگەرن!
بابانۆئێلی وڵاتی ئێمە تانکی سەرشەقامەکانن کە ڕۆژانە بست بە بستی شار دەپێون، چاودەگێڕن و لە هەر قوژبنێك بە بیانوو بن گوللە تۆپێکی وەك دیاری ئاراستە دەکەن و ساڵی نوێت پیرۆز بێی پیٚ دەڵێن.
بابانۆئێلەکانی وڵاتی ئێمە سەر ڕێگاکان، بازاڕ و ئۆتۆمبێلەکان بۆمب ڕێژ دەکەن، لە جیاتی فیشەکە شێتە. بابانۆئێلەکانی وڵاتی ئێمە فێرن قوتابخانەکان گڕ دەدەن، نەخۆشخانەکان دەدەنە بەر دەست ڕێژ و بازاڕکان شەلاڵی خوێن دەکەن، گەردەلول ئاسا پیٚ دەنێنە هەر شوێنێك هەڵیدەپێچن. سەری ساڵە و من منداڵێکی عێراقیم، وڵاتی زێڕی ڕەش، لە شاشەی تەلەویزیۆنەکەماندا دنیایەکی تر دەبینم، دنیایەکی ئارام بیٚ ئاگر و دووکەڵ، پاك و خاوێن و پڕ لە بەختەوەری. بەڵام بە ڕاستی گومانم لەو دیوی توویٚی سەر شاشەکە هەیە.
چونکە بابانۆئێلەکانی وڵاتی ئێمە زۆربەیان خەڵکی ئەو دونیا جوانەی سەر شاشەکانن و بە دڵنیاییەوە خەڵکی وڵاتەکەی خۆشیان لە دەستیان وە زاڵە هاتوون.ئاخر ئەو شاشانە درۆزنن هەر وەك هی وڵاتی ئێمە.